گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پرۆسەی گۆڕین لە زمانی کوردی و فارسیدا لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە

**م. دەریا سابیر حەمەد**
بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
darya.sabr@koyauniversity.org

**پ.ی. شیروان حسێن حەمەد**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، شاری ڕانیە، کوردستان، عێراق
Sherwan983@uor.edu.krd

**پ.ی. یادگار کەریمی**
بەشی زمانی ئینگلیزی و زمانەوانی، کۆلێژی ئەدەبیات و زمان، زانکۆی کوردستان، شاری سنە، ئێران.
y.karimi@uok.ac.ir

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٣/٣/١
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٤/١٨
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٤

**وشە سەرەکییەکان**
*Morpheme-Based Morphology, Process Conversion, Morphological Process, Kurdish Language, Persian Language.*

## پوختە

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (پرۆسەی گۆڕین لە زمانی کوردی و فارسیدا لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە)، مەبەستی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە، خستنەڕوی پرۆسەی گۆڕینە لە لێکدانەوەی وشەکانی زمانی کوردی و فارسییە لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە، لەوەی کەوا چۆن مۆرفیمەکان بەتەک یەکترەوە ڕیزدەبن بۆ دروستکردنی وشەکان. دواتر خستەڕوی ئەم لێکچون و جیاوازییانەی کە لەنێوان ئەم دو زمانەدا هەیە. لە چوارچێوەی پرۆسەی گۆڕیندا، لەم تیۆرەدا، یەکەی سەرەکی شیکاری مۆرفۆلۆژی مۆرفیمە کە یەکەیەکی بچووکترە لە وشە. تیۆری مۆرفۆلۆژی مۆرفیمبناغەش پەیوەستە بە ڕێبازی لێکدانی مۆرفیمەکان بەو واتایەی وشەی ناسادە وەکو زنجیرەیەک مۆرفیم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Doi:
10.25212/lfu.qzj.9.2.6

دێتەبەرچاو کە خراونەتە پاڵ یەکتری، لەبەرئەوە لەم تیۆرەدا دەتوانرێ مۆرفۆلۆژی وەکو ڕستەسازیی مۆرفیمەکان بناسێنرێت. دواتر لە چوارچێوەی زمانی کوردی و فارسیدا کۆمەڵێک وشەمان وەرگرتووە کەوا بەم تیۆرە لێکدەدرێنەوە. هەروەها جۆرەکانی پرۆسەی گۆڕینمان لە زمانی فارسی و کوردیدا خستۆتەڕو، کە بێگومان هەندێک لە پرۆسەکانی گۆڕین چالاک و بەرهەمدارن و هەندێکیان بێبەرهەم و ناچالاکن.

## ١- پێشەکی

### ١-١: ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (پرۆسەی گۆڕین لە زمانی کوردی و فارسیدا لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە)یە.

### ١-٢: سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە:

سنوری ئەم کارە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدایە، کەرەستە و نمونەکان لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی ئێستای زمانی کوردی (کوردیی ناوەڕاست) و زمانی فارسی ستاندارد وەرگیراون.

### ١-٣: ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا (ڕێبازی وەسفی بەراوردکارییانە) بەکارهێنراوە، بە مەبەستی نیشاندانی ڕووە لێکچو و جیاوازەکانی هەردو زمانەکە، هەروەها لە چوارچێوەی تیۆریشدا پشت بە تیۆرێکی بواری مۆرفۆلۆژی بەستراوە، کە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەیە.

### ١-٤: هۆی هەڵبژاردن و گرنگیی توێژینەوەکە:

لەبەرئەوەی لە هەردو زماندا پرۆسەی گۆڕین جێگە و بایەخێکی گرنگی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ هەیە و وشەی زۆر لەم ڕێگەیەوە دروستدەبێت، هەروەها ئەم تیۆرە لێکدانەوەی تایبەت بۆ پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژی دەکات، لە نێویشیاندا پرۆسەی گۆڕین، بۆیە ئەم بابەتە دەکەینە کەرەستەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژینەوەکەمان، گرنگی ئەم توێژینەوەیەش لەوەدایە کەوا ئاشنامان دەکات بە تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی هەریەک لەم زمانانە و بۆمان دەردەکەوێت کە مۆرفیمەکان چۆن لە وشەکانی ئەم زمانانەدا ڕیزبون بەتەک یەکەوە.

**١-٥: پرسیاری توێژینەوەکە:**

پرسیاری توێژینەوەکەمان ئەوەیە کە ئایا مۆدێلی مۆرفێمبناغە چۆن پرۆسەی گۆڕین لە زمانی کوردی و فارسیدا لێکدەداتەوە؟

**١-٦: ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە پێشەکییەك و دو بەش پێکهاتووە لە بەشی یەکەمدا باسمان لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە کردووە، دواتر لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە و پەیوەندیی ئاسۆیی دواوین، هەروەها هەر لەم بەشەشدا باسمان لە یاساکانی وشەدروستکردن و مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە کردووە و پەیوەندی نێوانیانمان لێکداوەتەوە لە زمانی کوردی و فارسیدا، بەشی دووەمیشمان تەرخانکردووە بە پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی گۆڕین لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە، لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕو.

## ١- چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

**١-١: تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە:**

تیۆری مۆرفیمبناغە پەیوەستە بە ڕێبازی لێکدانی مۆرفیمەکان(morpheme-combination approach)(Haspelmath & Sims, 2010: 41). بەم پێیە مۆرفۆلۆژی بریتییە لە توێژینەوە لە لێکدانی مۆرفیمەکان بۆ دروستبونی وشەکان. ئەم بۆچونەش وەکو تیۆرێک لە بواری وشەسازیدا بڵاوبویەوە. واتە یاساکانی مۆرفۆلۆژی بە یاسای خستنەتەکیەکی مۆرفیمەکان دادەنرێن. (مەحویی، ٢٠١٠: ٦٦) بەو واتایەی وشەی نسادە وەکو زنجیرەیەک مۆرفیم دێتەبەرچاو کە خراونەتە پاڵ یەکتری،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەبەرئەوە لەم تیۆرەدا دەتوانرێ مۆرفۆلۆژی وەکو سینتاکسی مۆرفیمەکان بناسێنرێت. (Booij, 2009: 1)

لە تیۆری مۆرفیمبناغەدا، دروستبون و پێکهاتنی وشە لە ئەنجامی رێکوپێکی و بەیەکەوەهاتنی مۆرفیمەکانەوە دێتە ئاراوە(Booij, 2010: 1). بۆ نمونە "ئاشتیخوازی" لە ئەنجامی بەیەکەوەهاتنی مۆرفیمەکانی "ئاشتی" و "خواز" و "-ی" یەوە دروستبووە و پێکهاتووە. لە زمانی فارسیشدا وشەی "کارگزینی" لە ئەنجامی بەیەکەوەهاتنی مۆرفیمەکانی "کار" و "گزین" و "-ی" یەوە دروستبووە و پێکهاتووە. لەم تیۆرەدا گریمانەی ئەوە دەکرێت کە دەتوانرێت سنورێکی ڕون و دیاریکراو لە نێوان مۆرفیمەکاندا لەبەرچاوبگیرێت و بۆ هەر واتایەکی زیادکراو، مۆرفیمێکی جیاواز بونی دەبێت. کەواتە بەپێی تیۆری مۆرفیمبناغە، پەیوەندییەکی یەکبەیەک لە نێوان مۆرفیم و مۆرف کە دەرکەوتنی فیزیکی مۆرفیمە هەیە(فرد، ١٣٨٥: ٢٢).

ئەم بۆچون و تیۆرە، بۆ ئەو زمانانە گونجاوە کە لەنێوان ئەو مۆرفیمانەی کە وشەکانیان پێکدەهێنن سنورێکی ڕونیان هەیە و تایبەتمەندی ئاوێتەبونی مۆرفیمەکان تێیاندا یان نابینرێت یان زۆر کەم دەبینرێت. بۆ نمونە زمانە نوساوەکان لەم جۆرە زمانانە هەژماردەکرێن، هەر چۆنێک بێت لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە لانیکەم دو هۆکاری باش بونی هەیە بۆ ئەوەی ئێمە ئەم بۆچون و تیۆرە قبوڵ بکەین: یەکەم ئەوەیە کە بەستنەوەی مۆرفیمەکان بۆ دروستبونی وشە باوترین تیۆری دروستبونی وشەیە لە زمانەکانی جیهاندا. دووەم ئەوەیە کە بەپێی باوەڕبون بە لێکچونی کرداریی یاساکانی ڕستەسازی و مۆرفۆلۆژی لەم تیۆرەدا، دەکرێ وا گریمانە بکرێت کە مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازی بە پێی بنەما باوەکان کە لەسەر تایبەتمەندییەکانی دروستەی ناوەوەی هەر زمانێک دامەزراون، بەشێوەیەکی چەندایەتی کار دەکەن و ئەمەش دەتوانێ پاساو بۆ هۆکاری یەکەم بهێنێتەوە: کە تیۆری زنجیرەیی لە زمانەکانی جیهاندا زۆر باون و زیاتر بەدیدەکرێن(Haspelmath & Sims, 2010: 44).

ئەم تیۆرە لەژێر ناونیشانی (دوای-بلۆمفیڵدی) و (تیۆری پێکهێنەر)یش ناودەبرێت و هۆکاری ئەم ناوبردنەش بۆ ئەم بیرکردنەوە دەگەڕێتەوە کە فۆڕم و شێوەی وشەکانی ڕۆنانی سەرەوە لە یەکەکانی بچوکتر لە وشە دروستدەکرێن(Blevins, 2006: 531). لە تیۆری نوێتری مۆرفیم-بناغەدا دەتواندرێت باس لە ڕستەسازیی وشە(syntax word)بکرێت.

ئەم تیۆرە لەگەڵ هاتنەکایەی بیری مۆرفیم سەریهەڵدا، ئەمەش دوای ئەوەی ڕۆنانکارە ئەمەریکییەکان ئەوەیان سەلماند، کە وشە خاوەن ڕۆنانی ناوەخۆیە و توانای کەرتبونی بۆ پارچەی بچوکتر هەیە، پارچەی وا کە واتا یان ئەرکی ڕێزمانی هەبێت، بەمەش ڕۆنانکارەکان مۆرفۆلۆژییان کرد بە بەشێک لە زمانەوانی و ئەرکی لێکدانەوە و ڕێکخستنی مۆرفیمیان لەناو چوارچێوەی وشەدا پێسپارد. (فەتاح و قادر، ٢٠٠٦: ٧)، واتە بەپێی ئەم تیۆرە وشەکان خاوەن پێکهاتە و ڕۆنانێکی ناوەخۆیی ئاڵۆزن کە لە پێکهاتەی بچوکتر دروستکراون. ئەم پێکهاتە بچوکانە کە پێیان دەوترێت مۆرفیمەکان، وەک دانەکانی تەسبیح بەدوای یەکتریدا دێن و دەگونجێن و ڕۆنانی وشەکان پێکدەهێنن. ئەم تیۆرە بە تیۆری یەکە و ڕێکخستن (item & arrangement) ناسراوە. لەبەرئەوە تەواوی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە باوەڕیان بە بونی پێکهاتەی ناوەوەی وشەکان هەیە، سەرنجی خۆیان لەسەر شیکردنەوە، وەسفکردن و پۆلێنبەندی بەشە پێکهێنەرەکانی وشە(مۆرفیم) چڕدەکەنەوە، دەکەونە چوارچێوەی مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە. سۆسێر کە دامەزرێنەری قوتابخانەی ڕۆنانکاریی بو، لە هەوادار و لایەنگرانی ئەم تیۆرە بو. (سۆسێر) مۆرفیمی بە بچوکترین نیشانە و یەکەی واتادار دەزانی. (فرد، ١٣٨٥: ٢١). لە لایەکی دیکەوە، (باکنەر)، کە یەکێکە لە شوێنکەوتووانی مۆرفۆلۆژیی وشەبناغە، پێی وایە بەشی مۆرفۆلۆژیی ڕێزمانی لە تیۆری مۆرفیمبناغەدا دوو بەشی هەیە: ١) فەرهەنگ(lexicon) و ٢)کۆمەڵێک یاسا یان ڕێککەوتنن کە چۆنێتی بەستنەوەی مۆرفیمەکان بەیەکەوە بۆ ئەوەی وشەیەک دروست بکەن، دیاریدەکەن(Bochner, 1993: 21).

لەم تیۆرەدا مۆرفیمەکان دەخرێنە تەنیشت یەکتری و هەر مۆرفیمێک خاوەنی دەروازەیەکی فەرهەنگی تایبەت بە خۆیەتی، جا ئەو مۆرفیمە چ مۆرفیمێکی سەربەخۆ بێت یاخود گیرەک بێت. (مەحویی، ٢٠١٠: ٧١) لەمەشدا گیرەکەکان هاوشێوەی مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگی لە فەرهەنگیی زمانەکەدا دەبنە خاوەنی دەروازەیەکی فەرهەنگیی تایبەت بە خۆیان.

کەواتە دەگەین بەو ڕاستییەی کەوا هەر لێکۆڵینەوەیەک کە ئەم تیۆرە بنەمای کارەکانی بێت، دەبێت ئەم سێ ناوەڕۆکەی هەبێت:

یەکەم: ئەوەیە کە لەم تیۆرەدا، مۆرفیمە بەندەکانیش وەکو مۆرفیمی ئازاد وەکو یەکەی فەرهەنگی هەژماردەکرێن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دووەم: ئەوەیە کە توخمی سەرەتایی شیکردنەوەی مۆڕفۆلۆژی مۆڕفیمە.

سێیەمیش: ئەوەیە کە ئەم تیۆرە سود لە پەیوەندی ئاسۆیی وەردەگرێت. (رفیعی، ١٣٩١: ٣٢٧-٣٢٨).

تیۆری مۆڕفیمبناغە دو پرسیار دەوروژێنێت. یەکەم: لایەنە باش و خراپەکانی کەمکردنەوەی پێکهاتەی مۆڕفۆلۆژی بۆ ڕێزبەندیی مۆڕفیم، لە ڕوی کرداری و تیۆرییەوە چین؟ دووەم: ئایا ئەم تیۆرە دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕانی بنکە، دوبارەکردنەوە و گۆڕین، ئەگەر دەکرێت چۆن؟

بە لایەنی کەمەوە دو هۆکاری باش هەیە بۆ ئەوەی تیۆری یاساکانی زنجیرەییمان لا پەسەند بێت، هۆکاری یەکەم: وەک لەسەرەوە تێبینی کرا پێکەوەبەستنەوەی مۆڕفیمەکان یەکێکە لە باوترین جۆری قاڵبی مۆڕفۆلۆژی لە زمانە جۆراوجۆرەکاندا. لە ڕێگای مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتەی زنجیرەییدا، وەک جۆرێکی بنەڕەتی یان تاکە جۆری یاسای مۆڕفۆلۆژی، تیۆری مۆڕفیمبناغە ڕونکردنەوەی سروشتی و ئاشکرا بۆ ئەم ڕاستییە بەرجەستە دەکات. دووەم: تا ئێستا ئێمە مۆڕفۆلۆژیمان لەگەڵ ڕستەسازیدا بەراوردکردووە، لە ڕێگەی تێبینیکردنی ئەوەی کە تیۆری مۆڕفیمبناغە مامەڵە لەگەڵ ڕۆنانی مۆڕفۆلۆژی دەکات وەک زنجیرەیەک لە مۆڕفیمەکان، بە هەمان شێوەی کە ڕستەسازی پێکدێت لە زنجیرەیەک لە وشەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، مۆڕفۆلۆژی و ڕستەسازی لە چەندین لایەنی دیکەشدا هاوشێوەن. زۆرێک لە داتا و زانیارییەکان زۆر زۆر ئاڵۆزن کە لێرەدا باسیان بکەین، بەڵام ئێمە دەتوانین جەخت لەسەر یەک بنەما و یاسای بنەڕەتی بکەینەوە، کە بریتییە لە ڕۆنانی هەرەمی (Haspelmath & Sims, 2010: 43 - 44).

ئەوەی گرینگە لێرەدا ئەوەیە کە مۆڕفۆلۆژییای زنجیرەیی بەشێوەیەکی (مشتومڕئامێز) ڕۆنانێکی هەرەمی هەیە، وشەکانی وەک [undoable] بە هەمان شێوە دو لێکدانەوەی هەیە: کە بە واتای (unable to be done)(ناتواندرێت بکرێت) و (do and -able) پێکهاتەیەک دروستدەکەن، یان (able to be undone) (دەتواندرێت نەکرێت) " -un و do" بریتین لە پێکهێنەر. ئەمانەش لە هێڵکاری ١.٢ نیشان دەدرێن بە بەکارهێنانی هێڵکارییە درەختییە مۆڕفۆلۆژییەکان.



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

do -able un- do -able

هێڵکاری ١.٢ ڕۆنانی هەرەمی لە مۆرفۆلۆژیدا

### ٢-١: تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە و پەیوەندی ئاسۆیی:

بۆ باشتر ناساندنی ئەم تیۆرە، پێویستە ئاماژە بە پەیوەندی ئاسۆیی بکەین لە زماندا، لە توێژینەوە مۆرفۆلۆژییەکاندا دو لایەن و پەیوەندی بۆ توێژینەوە لە وشەی ناسادەکاندا هەن، ئەوانیش پەیوەندی ئاسۆیی و ستونییە، کە ئەم دو زاراوەیە لە لایەن سۆسێرەوە داهێنراون و باسکراون، سۆسێر پێیوایە هەمو پەیوەندییە فۆرمییەکانی زمان لە ڕێی ئەم دو پەیوەندییەوە پیشاندەدرێن. پەیوەندی ئاسۆیی، بریتییە لە بەیەکەوەهاتنی کەرەستەکانی زمان لەتەک یەکترەوە، کە پێکهاتەی گەورەتر پێکدەهێنن و ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی بەهایی و ڕستەسازییە، کە ئەم پەیوەندییەیان لەگەڵ تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەدا دەگونجێت. پەیوەندی ستونی، بریتییە لە پەیوەندی لەجیاتی دانانی کەرەستەکانی زمان، کە سیستەمێک پێکدەهێنن، ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی واتاییە، کە ئەمەیان لەگەڵ تیۆری مۆرفۆلۆژیی وشەبناغەدا دەگونجێت. (ناوخۆش، ٢٠٠٨: ٣٧ - ٤١).

هەردو پەیوەندی ستونی و ئاسۆیی بەدواییەکدا بۆ دروستبونی وشە لە تیۆری وشەبناغە و مۆرفیمبناغەدا بەکاردەهێنرێن؛ لە تیۆری وشەبناغەدا بەپێی پەیوەندی ستونی وشەکان لە شوێنی یەکتر دادەنرێن و لە تیۆری مۆرفیمبناغە وشەکان بە شێوەیەکی ئاسۆیی لە تەنیشت یەکەوە دەردەکەون(Plag, 2003: 180). پەیوەندی ئاسۆیی لە پەیوەندی لەگەڵ چەمکی مۆرفۆلۆژی، وەک توێژینەوە لە پێکهاتەی ناوەوەی وشەکان پێشنیازدەکرێت. (بویی) لەم پەیوەندییەشدا تەنیا شێوازی مۆرفیمەکان، واتە کۆمەڵە بنەمایەک کە دەبنەهۆی لێکدانی مۆرفیمەکان و گۆڕینی ئەوان بۆ وشە دەناسێنێت. مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە نمونەیەکی دیاریکراو و تایبەتی ئەم جۆرە پەیوەندییە دەبێت(Booij, 2007: 8)

بۆیە دەتوانین بڵێین کە لە مۆرفۆلۆژیی وشەبناغەدا، وشەکان لەسەر بنەمای تیۆری پێوانەیی دروستدەکرێن و ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە ڕێبازی مۆرفیمبناغەدا، بە هەمان شێوە یاسا سینتاکسییەکانی مۆرفیمەکان وەک وشەکان، بە شێوەیەکی پلەبەندی بە یەکەوە گرێدراون، تاوەکو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وشەی نوێ دروستبکەن. لێرەدا بە نمونەیەک دەتوانرێت جیاوازی نێوان ئەم دو تیۆرە نیشانبدرێت.(اسلامی پور و ئەوانی تر، ١٣٩٥: ٤).




هێڵکاری ١.٣ڕۆنانی هەڕەمی وشەی "دندان پزشکی" و ''منداڵپارێزی''

وشەی "دندان پزشکی" لە دو مۆرفیمی فەرهەنگی ئازاد /دندان/ و /پزشک/ و یەک مۆرفیمی وشەدارێژ و بەندی /-ی/ پێکهاتووە و بۆیە لە ڕوی مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە وشەیەکی "دارێژراوی لێکدراو"ە. وشەی "منداڵبازاڕی" لە دو مۆرفیمی فەرهەنگی ئازاد /منداڵ/ و /بازاڕ/ و یەک مۆرفیمی وشەدارێژ و بەندی /-ی/ پێکهاتووە و بۆیە لە ڕوی مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەوە وشەیەکی "دارێژراوی لێکدراو"ە. ئەم وشانە پێکهاتەیەکی پلەبەندی و هەڕەمی هەیە و پێکهاتەکانی بەپێی پەیوەندی تەکنشینی و ئاسۆیی لەتەنیشت یەکەوە دانراون (هێڵکاری ١.٥)، هەر لەبەر ئەم هۆکارە لەگەڵ تیۆری مۆرفیمبناغەدا دەگونجێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




هێڵکاری ١.٥ نمونەیەک لە هەردو پەیوەندی ستونی و ئاسۆیی

هەروەها پەیوەندی ئاسۆیی باوەڕی بە بابەتی یەکبەیەکی نێوان وشە و مۆرفیمەکانە، کە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە پەیوەندی نێوان وشە و مۆرفیم و چۆنیەتی بەیەکەوەهاتنیان لە تیۆری مۆرفیمبناغەدا دەبینرێت، واتە ئەم تیۆرە پێی وایە پەیوەندییەکی یەکبەیەکی لەنێوان فۆڕم و مۆرفیم لە لایەک و فۆڕم و واتا لە لایەکی ترەوە هەیە. (خالد، ٢٠٢١: ٤٥)، واتە ئەم تیۆرە گرینگی بە پەیوەندی نێوان مۆرفیمەکان لەگەڵ مۆرفیمەکانی پێش و دوای خۆیان و چۆنیەتی ڕیزبون و ڕێکخستنیان لەگەڵ یەکتری دەدات.

## ١-٣ یاساکانی وشەدروستکردن و مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە لە زمانی کوردی و فارسیدا:

لە درێژەی توێژینەوەکانی مۆرفۆلۆژی لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، "مۆرفۆلۆژیای وشەبناغە'ی ئارۆنۆف بە خاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێت. تیۆری ئارۆنۆف لەگەڵ چەمک و تیۆری ڕێزمانی(مۆرفیمبناغە)ی هاڵ هاوبەش بو، سەبارەت بە بونی بەشێکی جیاواز بۆ یاسا مۆرفۆلۆژییەکان، واتە هەردو تیۆرەکە ڕۆڵ دەبینین لە وشەدروستکردندا و گرنگن لە توێژینەوە مۆرفۆلۆژییەکاندا. ئارۆنۆف پێچەوانەی هاڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێی وایە یاساکانی وشەدروستکردن لە چوارچێوەی وشەکانەوە، نەک مۆرفیمەکان بەکاردەهێندرێت. ئەو کارەکەی خۆی بە مۆرفۆلۆژیی دارشتن سنورداردەکات. (Spencer, 1991: 82).

بەشی دووەمی تیۆری هاڵ یاساکانی وشەدروستکردن لەخۆدەگرێت، بەشێوەیەکی سیستەماتیکییانەی تایبەت چاودێری شێوازی ریزبون و پێکهاتنی مۆرفیمەکان دەکەن، تاوەکو وشەکان بەشێوەیەکی دروست بەرهەمبێن(Halle, 1973: 3 - 4). واتە ئەرکیان دیاریکردنی رێزبەندی دروستی دانانی مۆرفیمەکانە لە تەنیشت یەکەوە. دەبێ بتوانن رێگری لە بەرهەمهێنانی ئەو وشانە بکەن کە پێچەوانەی یاساکانی وشەدروستکردنن.

کەواتە بەپێی بۆچونی هاڵ یاساکانی وشەدروستکردن کە کار لەسەر وشەکان و بنکەکان دەکەن و گیرەکەکانی ناو لیستی مۆرفیمەکان بەوانەوە دەبەستنەوە، بەرپرسیارن لەم ئەرکانەی خوارەوە(صراحی، ١٣٩٥: ١٤٢):

ا) دیاریکردنی چۆنیەتی ریزبەندی مۆرفیمەکان لە کاتی رۆنانی وشەیەکدا بە جۆرێک کە ریزبەندییەکی دروستی وەک "چایەچی" لە زمانی کوردی و "سرکارگر" لە زمانی فارسیدا لە ریزبەندییەکی نارێزمانی "*چی چایە و "*کارسرگر"جیابکرێتەوە.

ب) ئەم بەشە بەم نمونانەی خوارەوە دیاریدەکرێت:

- دیاریکردنی پۆلی مۆرفیمی بناغە لە پێکهاتەکەدا، وەک:

[دەست]ناو + [بەند] پاشگر ← دەستبەند لە زمانی کوردیدا

[هنر]اسم + [مند] پسوند ← هنرمند لە زمانی فارسیدا

- دیاریکردنی پۆلی رستەسازیی دەرکردەیی یاسای وشەدروستکردن، وەکو:

[بەهرە]ناو + [مەند] پاشگر ← [بەهرەمەند] ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا

[هوش]اسم + [مند] پسوند ← [هوشمند] صفت لە زمانی فارسیدا

- دیاریکردنی سنوری مۆرفیمەکان لە پێکهاتەکەدا، وەکو:

[دار + ەوان]ناو لە زمانی کوردیدا

[کن + ش]اسم لە زمانی فارسیدا

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- زیادکردنی زانیاری تایبەتی واتایی کە لە کاتێکدا بەکاردێت، کە تایبەتمەندییە واتاییەکانی دەرکردەی پێکهاتەکە لەگەڵ تایبەتمەندییە واتاییەکانی بناغەی پێکهاتەکە یەکسان نەبێت؛ بۆ نمونە دەتوانین ئاماژە بە پاشگری ئینگلیزی hood بکەین، وەک childhood، کە وێڕای پاراستنی پۆلی ڕستەسازی بناغەکە، تایبەتمەندیی واتایی وشەکە لە کرۆکەوە بۆ واتا دەگۆڕێت:

[شۆفێر] + ی ⟵ شۆفێری لە زمانی کوردیدا

[راننده] – معنا + ی ⟵ [رانندگی] + معنا، اسم. لە زمانی فارسیدا

هاڵ یاساکانی وشەدروستکردن بەسەر دو جۆری جیاوازدا دابەشدەکات: دەستەی یەکەم ئەوانەی بەسەر بنکەکان جێبەجێدەکرێن بۆ پێکهێنانی وشەکان، کە لە ڕەگێک و مۆرفیمێکی تر پێکدێن، دەستەی دووەم، ئەوانەن کە بەسەر وشەکان جێبەجێدەکرێن. ئەم نمونانەی زمانی کوردی و فارسی ئەم جیاوازییە ئەم جیاوازییە نیشاندەدەن:

کوشت + -ار ⟵ کوشتار

دو + - ندە ⟵ دوندە، دوندە + - ی ⟵ دوندگی

زانیاری تایبەتی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی لە بەشی "پاڵێوەر"دا هەن و بونی جێکەوتە(gap) لە فەرهەنگدا بە سیمای [- تۆماری فەرهەنگی] نیشاندەدرێت. بۆ نمونە، یاساکانی وشەدروستکردن لە زمانی ئینگلیزیدا دەتوانن وشەی [*deprival] بەرهەمبهێنن، بەڵام بە هۆی بونی وشەی [derivation] لەناو وشەکانی زمانی ئینگلیزیدا، تۆماری فەرهەنگی نایەتە کایەوە و ئەم وشەیە لە پێکهاتەی ڕستەشدا بەکارناهێندرێت، هەرچەندە لە ڕوی واتایی، ڕستەسازی و فۆنۆلۆجییەوە پێچەوانەی یاسا نییە. لە زمانی ئینگلیزیدا دەتوانن وشەی *کوردزار بەرهەمبهێنن، بەڵام بە هۆی بونی وشەی کوردستان لەناو وشەکانی زمانی کوردیدا، تۆماری فەرهەنگی نایەتە کایەوە و ئەم وشەیە لە پێکهاتەی ڕستەشدا بەکارناهێندرێت، هەرچەندە لە ڕوی واتایی، ڕستەسازی و فۆنۆلۆجییەوە پێچەوانەی یاسا نییە.

بە دەربڕینێکی دیکە لیستی مۆرفیمەکان و یاساکانی وشەدروستکردن کۆمەڵەیەک لە وشە ئەگەرییەکان پێناسە دەکەن، بەڵام پاڵێوەر و ئەو زانیارییانەی کە لەناویدا هەن، ئەم کۆمەڵەیە دەگۆڕن

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ ژێرکۆمەڵە لە وشە ڕاستەقینەکان. لیستی وشە ڕاستەقینەکانی زمانێک پێی دەگوترێت فەرهەنگی زمان(Halle, 1973: 5 - 6).

یاساکانی وشەدروستکردن یاساگەلێکن کە پۆلی فەرهەنگی، زانیارییە واتایی و ڕستەسازییەکانی وەک: چوارچێوەی وەچەپۆلی و سنوردارێتی هەڵبژادنی هەر وشەیەک پێناسەدەکەن. لە ڕاستیدا ئەم یاسا مۆرفۆلۆژییانە، تایبەتمەندییە ڕێزمانی و واتاییەکانیان بە وشە داڕێژراوەکان دەبەخشن. بەم شێوەیە، لە پرۆسەی داڕشتن، وشە داڕێژراوەکان تایبەتمەندییەکانیان جیاوازە لە وشە بنکە. بۆ نمونە، پاشگری hood- بە هەندێک ناوەوە دەنوسێت کە تایبەتە بە مرۆڤ (وەکو boy) و لە ئەنجامدا، ناوە بەرهەمهێندراوەکان لەم پرۆسەی داڕشتن خاوەنی تایبەتمەندی جیاوازن، کە ئەو ناوە سادانەی لێیانەوە دروستبون بێبەشن لەو تایبەتمەندییانە، وەکو ئەم نمونەی ژێرەوە(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ٧١ – ٧٢).

boy + -hood ⟶ boyhood [N/ + abstract]

یاساکانی وشەدروستکردن ناوەڕۆکی فەرهەنگی زمان تا ڕادەیەک دیاریدەکەن، هەروەها وا دەکات کەوا فەرهەنگی زمان دروست کاربکات. شێوە و باری جیاوازی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان لەگەڵ یاسا فۆنۆلۆژییەکان لێکدەچێت، دەستپێڕاگەیشتنی ئەم یاسایانە بەپێی زانیارییەکانی بەشێکی دیکەی ڕێزمانە. دەستپێڕاگەیشتن و توانای یاسا مۆرفۆلۆژییەکان بەسەر فەرهەنگی زمان بەم واتایەیە کەوا ژمارەیەک لە وشەی تایبەتی پێویست هۆکاری دروستبون و هەبونی وشەی ترن. ئەم کارە، هۆکارە بۆ ئەوەی یاسا مۆرۆلۆژییەکان وەکو ئامرازگەلێکی شێوەیی یا فۆرمی هەژماربکرێن، کە توانایەکی بەرچاویان هەیە. (Halle, 1973: 13 - 14). پێویستە ئەوەش زیادبکرێت کە لەم بیروبۆچونە تیۆرییەدا، پێشنیازکراوە کە بە هەمان شێوەی مۆرفۆلۆژیی وشەگەردان مامەڵە لەگەڵ مۆرفۆلۆژیی وشەداڕێژ بکرێت؛ لەم ڕووەوە، ئاماژە بە بونی جیاوازیی و جێکەوتەی هەرەمی لە هەردو بوارەکەدا دەکرێت، کە بە بەکارهێنانی تایبەتمەندی [-تۆماری فەرهەنگی] لە زمانەکەدا دەرناکەون(ارکان و بیدگلی، ١٣٩٩: ٧٢).

هەروەکو دەبینین لە تیۆری (هاڵ)دا، کە یەکێکە لە لایەنگرانی مۆرفۆلۆژی مۆرفیمبناغە، یاساکان دەسەڵاتێکی نائاساییان هەیە. ئەم یاسایانە نەک هەر وشە ڕاستەقینەکانی زمان، بەڵکو وشەی ئەگەری

و جێکەوتەی هەرەمیش بۆ زمان بەرهەمدێنن و دەستگەیشتنیان بە وشەنامە و سیستەمی دەنگسازیی زمانەکە هەیە، ئارۆنۆف ئەم دەسەڵاتە زیادەڕۆییە سنوردار دەکات و دو پۆل بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی یاساکان پێشنیازدەکات، کە لەسەر وشە بناغەکانی تێکردەی یاساکان و دەرکردەی یاساکان کاردەکەن(صراحی، ١٣٩٥: ١٤٩).

لە تیۆری هاڵ یاساکانی مۆرفۆلۆژی(وشەدروستکردن) بەهێزترن لە یاسا فۆنەتیکییەکان و لە کاتی داڕشتندا دەتوانن ئاماژە بە دو بەش لە وشەنامە و فۆنۆلۆژی بکەن؛ بە واتایەکی تر ئەڵقەیەک لە نێوان یاساکان و وشەنامە هەیە، کە وا دەکات یاساکان بتوانن دەستیان بە وشەکان بگات؛ واتە بەپێچەوانەی تیۆری ستاندارد، تایبەتمەندی گرنگیی پلانی (هاڵ) ئەوەیە کە فۆڕمێکی زمانی دەتوانێت دوای جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆژییەکان بگەڕێتەوە و بخرێتە ژێر پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان کە ئێستا مەرجە پێکهاتەییەکانی خۆی هەیە. ئێستا دەبێت بزانین بۆچی و چۆن یاساکانی وشەدروستکردن ئاماژە بە وشەنامە دەکەن. هەروەکو ئاماژەمان پێدا بەپێی تیۆری هاڵ، یاساکانی وشەدروستکردن دو جۆرن: جۆرێکیان بۆ قەدەکان و جۆرێکی تریان بۆ وشەکان بەکاردەهێنرێت. ئەمانە یاساکانی جۆری دووەمن کە ناچار دەکرێن ئاماژە بە وشەنامە بکەن؛ چونکە تەنها مۆرفیمەکان لە لیستەکەدا ئامادەن(هەمان سەرچاوە: ١٤٣)؛ بۆ نمونە ئەگەر سەیری وشەی [ساختگرایی] بکەین کە لە ئاستی یەکەمی شیکاری پێکهاتەی ناوەوەیدا بەم شێوەیە [ساختگرا + - ی]. بەپێی یاساکانی جۆری دووەم ئەم وشەیە لە لێکدانی ناو+ - ی دروستدەکرێت؛ بەڵام وشەی [ساختگرا] وشەیەکی داڕێژراوە و لە لیستی مۆرفیمەکاندا نییە، بەڵکو بە پاڵێوەردا تێپەڕیوە و لە وشەنامە دانراوە و هەڵگیراوە، لە زمانی کوردیشدا ئەگەر سەیری وشەی [شارەوانی] بکەین کە لە ئاستی یەکەمی شیکاری پێکهاتەی ناوەوەیدا بەم شێوەیە [شارەوان + - ی]. بەپێی یاساکانی جۆری دووەم، ئەم وشەیە لە لێکدانی ناو+ - ی دروستدەکرێت؛ بەڵام وشەی [شارەوان] وشەیەکی داڕێژراوە و لە لیستی مۆرفیمەکاندا نییە، بەڵکو بە پاڵێوەردا تێپەڕیوە و لە وشەنامە دانراوە و هەڵگیراوە، بۆیە کاتێک یاساکانی وشەدروستکردن دەیانەوێت کار لەسەر [شارەوان] بکەن، دەبێت ئاماژە بە وشەنامە بکەن. دیارە ئەگەر وشەی هەڵگیراو تایبەتمەندی تایبەتی واتایی هەبێت، ئەم تایبەتمەندییە بۆ وشە تازە داڕێژراوەکە دەگوازرێتەوە؛ بۆ

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نمونە لەبەر ئەوەی وشەی [شارەوان] لە بواری زانستی زمانەوانیدا تایبەتمەندییەکی تایبەتی هەیە، وشەی [شارەوانی]ش هەمان تایبەتمەندی هەیە.

زمانی کوردی و زمانی فارسی سەر بە خێزانە زمانی هیندۆئەوروپین لە کۆمەڵەی هیندۆئارییەکان لە گروپی زمانە ئێرانییەکانن، بەمپێیە لە یەک ڕەگی هاوبەشەوە هاتون، لە گەشەکردنی مێژویی زمانە ئێرانییەکاندا ئەم دو زمانە ژمارەیەکی زۆر وشەی هاوبەشیان هەیە و تا ئێستاش ئەم هاوبەشییە ماوەتەوە، جا بە گۆڕانێکی کەمەکی یان هەمەکییەوە بێت.

هۆکاری ئەم لێکچونەش جگە لە هاوڕیشەیی و هاوبەشیی مێژویی دەرکەوتنی هەردو زمانەکە، پەیوەستە بە لێکنزیکی و بەریەککەوتنی قسەکەرانی هەردو زمانەکە. ئەم لێکچونەش تەنها لایەنێک لە لایەنەکان ناگرێتەوە، بەڵکو هەمو ئاستە جیاوازەکانی زمان دەگرێتەوە(حەمید، ٢٠١٥: ١٦٥)، بۆیە دەکرێت بگوترێت زمانی فارسی و کوردی لە ڕوی ئاستی مۆرفۆلۆژییەوە لێێکنزیکییان هەیە و ڕێزبونی کەرەسەکانیان تاوەکو ڕادەیەکی زۆر لەیەکتری دەچێت و بۆیە ئەم تیۆرەش لەگەڵ هەردو زمانەکەدا دەگونجێت.

## ٢- پڕۆسەی گۆڕین لە نێوان زمانی فارسی و کوردیدا لە ڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەدا

### ٢-١: پرۆسەی مۆرفۆلۆژیی گۆڕین

زۆرێک لەو توێژینەوانەی کە لەسەر بەشە جیاوازەکانی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی و فارسیدا کراون، سەرنجیان لەسەر توخم و ڕەگەزەکانی دروستکەری وشە، واتە مۆرفیمەکانی زمانی کوردی و فارسی، وەکو قەدەکان، گیرەکە وشەدارێژەکان و وشەگەردانییەکان و نوسەکە. هەروەها لەم زمانانەدا باس لە پڕۆسە مۆرفۆلۆژییەکان کراوە. لەم توێژینەوەیەدا پشت بەو شتانە بەستراوە، کە لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا سەبارەت بە پڕۆسەی گۆڕین باسکراون، پاشان لە چوارچێوەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغەدا بەدواداچون بۆ پڕۆسەی گۆڕین لە زمانی کوردی و فارسیدا کراوە.

لە زمانی کوردی و فارسیشدا پڕۆسەی مۆرفۆلۆژیی جۆراوجۆر بۆ دروستبونی وشە بەکاردەهێنرێت. لە نێو ئەمانەدا پڕۆسەی مۆرفۆلۆژیی گۆڕینە، کە ئێمە بنەمای بەراوردەکەمان لەسەر بنیاتناوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرۆسەی گۆڕین یەکێکە لە پرۆسەکانی مۆرفۆلۆژی و پەیوەندی بەهێزی بە دیاردە مۆرفۆلۆژییەکانەوە هەیە، واتە تێکچرژانی یەکە مۆرفۆلۆژییەکان بە پێی مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە، کە لە هەندێ لە زمانەکاندا، بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی، زۆر بەرهەمدارە و بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردێت، ماتیۆس گۆڕینی پۆلەکان وەک پرۆسەیەک دەناسێنێت کە بەهۆیەوە یەکەیەکی فەرهەنگی سەر بە پۆلێکی ڕستەسازیی دیاریکراو، دەگۆڕێت بۆ یەکەیەکی تری فەرهەنگی کە سەر بە پۆلێکی ڕستەسازی دیکەیە؛ بۆ نمونە، کرداری تێپەڕی ئینگلیزی cook لە ڕستەی (1a)دا دەبێتە کردارێکی تێنەپەڕ بە بەکارهێنانی پرۆسەی گۆڕینی پۆل وەک لە (1b)دا دیارە(Matthews, 1997: 76):

1- a) I am cooking dinner.
b) Dinner is cooking.

هەروەها بە بڕوای (بویی) گۆڕین پرۆسەیەکی مۆڕفۆلۆژی و دروستبونی وشە، کە تەنها بە گۆڕینی پۆلی وشەکە ڕودەدات. بۆیە بە پێچەوانەی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی ترەوە، لە گۆڕیندا بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک لە فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی وشەی دەرکردە، و تەنها بە گۆڕینی وەچەپۆلی ڕستەسازی، وشەی نوێ دروسدەبێت. ئەو ئاماژەی بەوە داوە کە لە زمانە هیندۆئەوروپاییەکان گۆڕینی ناو بۆ کردار زۆر باوە، ئەم پرۆسەیە بەبێ پێویستییەکی ئاشکرا بە گیرەک ڕودەدات، هەروەها پێشی دەوترێت گواستنەوەی شاراوە(Implicit transposition). لەنێوان کاریگەرییە مۆرفۆلۆژییە ناڕاستەوخۆکانی ئەم پرۆسەیەدا، دەتوانین ئاماژە بەو حاڵەتانە بکەین کە گۆڕانی پۆل لەگەڵ گۆڕانی شوێنی هێزدا دەبێت، وەک دارشتنی ناو لە کردار لە جوتە وشەکانی وەک ---convert(v) c?nvert(N)لە زمانی ئینگلیزیدا، کە لە هەمان کاتدا لەگەڵ داڕشتن، هێزیش لە کۆتا بڕگە لە کردارەکەدا بۆ بڕگەی یەکەم لە ناوەکەدا دەگوازرێتەوە و دەبێتە هۆی گۆڕینی وشەکە لە کردارەوە بۆ ناو[نوستن(کردار)، (نوستن)(ناو)](نجف آبادی، ١٣٩٠: ٦٥).

کوردی زمان و فارسی زمانەکانیش ئەم پرۆسەیە بۆ فراوانکردنی فەرهەنگی زمانەکەیان بەکاردەهێنن. لە پرۆسەی گۆڕیندا، پۆل و ئەرکی وشەکە بەبێ هیچ جۆرە زیادبونێک یان کەمبونەوەیەک لە پێکهاتەکەیدا دەگۆڕێت و وشەیەکی نوێ دروستدەبێت (شقاقی، ١٣٩٥: ١٠٣-١٠٤)، کەواتە گۆڕین لە ڕاستیدا گۆڕینی ئەرکی وشەیە. واتە پرۆسەیەکە کە بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک لە فۆڕمی وشەکەدا،

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پۆلە ڕستەسازییەکەی دەگۆڕدرێت، کەواتە پرۆسەی گۆڕین بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە، ئەم پرۆسەیەیە کە بەبێ وەرگرتنی هیچ زیادەیەک بۆ وشەیەک ڕودەدات.

بۆ نمونە لە زمانی فارسی ئەگەر ئاوەڵناوێکی وەک وەک [خوب] کە لە بنەڕەتدا لە فارسیدا ئاوەڵناوە، لەم ڕستەیەدا ڕۆلی ناوێک دەبینێت بۆ ڕێپێدان و پەسندکردن(نقش اسم بپذیرد)، بۆ نمونە لە ڕستەی "خوبان به بهشت می روند."، کە وشەی [خوب] نیشانەی کۆی ڕێپێدانە(نشانه جمع پذیرفته)، واتە لێرەدا ڕۆڵی ناوی بینیوە، پرۆسەی گۆڕان ڕویداوە.

(kiefer: 2005) سێ پێوەر بۆ جیاکردنەوەی پرۆسەی گۆڕین بەدەستەوەدەدات: پۆل(calss)، ئاڕاستە(direction)، و بەفەرهەنیگبون (lexicalization). بەپشتبەستن بەم سێ پێوەرە، گۆڕین بە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی دادەنرێت، کە لەم پرۆسەیەدا وشەی سەر بە پۆلی (ا) دەتوانێت بگۆڕێت بۆ توخمێک لە پۆلی (ب)دا، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاست نییە. وشەی گۆڕاو دەتوانرێت وەک هەر وشەیەکی دروستکراوی دیکە لە چوارچێوەی بەبەفەرهەنگیبون دابندرێت.

پێوەری پۆل(class) تێبینی ئەوە دەکات کە پرۆسەی گۆڕین وەک پرۆسەیەکی بەرهەمهێن و یاسامەند بۆ تاکە وشەکان بەکارناهێنرێت، بەڵکو بۆ پۆلێک لە وشەکان بەکاردەهێنرێت. بۆ نمونە وا نییە تەنیا وشەیەکی سەر بە پۆلی ئاوەڵناو بۆ ناو بگۆڕدرێت، بەڵکو ئەگەر ئەم دۆخە لە ئەنجامی گۆڕینەوە بەدەستبهێندرێت، پۆلی ئاوەڵناو ئەگەری ئەوەی دەبێت کە ببێتە پۆلی ناو، یان پۆلی کردار دەگۆڕێت بۆ پۆلی ناو، واتە تەنها وشەیەک لە پۆلی ڕستەسازی کردار نییە کە بۆ پۆلی ڕستەسازی ناو دەگۆڕدرێت.

بەپێی پێوەری دووەم، ئەو وشانەی کە لە ئەنجامی گۆڕینەوە بەرهەمدێن، لە ئەنجامی بە بەفەرهەنگیبون(واژگانی شدگی)(lexicaliztion) هەڵکەوتون و دروستبون. بەبەفەرهەنگیبون فۆرمێکی زمانی بەهۆی بەدەستهێنانی تایبەتمەندی ناوازە و پێشبینینەکراو لە پەیوەندی نێوان فۆرم و واتادا و لە ئەنجامدا وشەکە لەلایەن بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگەی زمانی شێوەوەردەگرێت و بەکاردەهێنرێت(Booij, 2005: 17-18)

هەروەها ئەگەر گۆڕین وەکو پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی وەربگرین، ئەوا بەرهەم و دەرئەنجامی ئەم پرۆسەیە وەکو ئەوەی لە حاڵەتی وشە بەرهەمهاتووەکانی پرۆسەکانی تردا ڕودەدات، دەتواندرێت بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەبەفەرهەنگیبون(واژگانی شدگی) تێپەڕێن، واتە جگە لە واتای بەدەستهاتو لە بەشەپێکهێنەرەکانیان، ئەوان واتای زیاتریش لەخۆدەگرن(بهمنیار، ١٣٩١: ٣٩).

پێوەری سێیەم کە پێوەری ئاراستە(direction)ی گۆڕینە، هۆکاری جیاکەرەوەی پرۆسەی گۆڕینە لە دۆخی فرەئەرکیبون. بەپێچەوانەی ئەوەی لە دۆخی فرەئەرکیبون ئاراستە بونی نییە، لە پرۆسەی گۆڕیندا شتێکی بنەڕەتی و جێی باسە. دیارە ئەگەر پرۆسەی گۆڕین لە گروپێکدا کاری کردبێت، دەبێت دانپێدانەری ئاراستەی ئەم پرۆسەیەش بین، لە بەدواداچونی ئاراستەی گۆڕیندا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە لە نێوان جوتەوشە هاوشێوەکانی هەردو پۆلی (ا) و (ب)دا، ئاراستە کرداری پرۆسەی گۆڕان لە (ا) بۆ (ب) بووە، یان لە (ب) بۆ (ا)؟ دەبێت ئەمە دیاری بکرێت لە پرۆسەی گۆڕیندا(رفیعی و بهمنیار، ١٣٩٣: ٣٧).

پرۆسەی گۆڕینی پۆل پێشیدەگوترێت دارِشتنی سفر، مۆرفیمی سفر(واتە ئەو مۆرفیمانەی کەوا دەرناکەون.) لە مۆرفۆلۆژیی دارِشتندا بەکاردەهێنرێن. بۆ نمونە کرداری (head) بە لێکدانی لەگەڵ مۆرفیمێکی سفر لە ناوی (head)ەوە دروستبووە(کاتامبا و استونهام، ١٣٩١: ٩٣).

بویی پێی وایە ئەگەر بمانەوێت گۆڕین وەک جۆرێک لە گیرەکلکاندن لەبەرچاوبگرین، دەبێت بونی مۆرفیمی سفریشی تێدا لەبەرچاوبگرین، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی سەربەخۆ نییە بۆ بونی گیرەکی سفر و لە لایەکی دیکەوە، ئەوە ڕون نییە کە مۆرفیمی سفر پێشگرە یان پاشگر، بۆیە بەپێی باوەڕی بویی باشترین ڕێگە بۆ نیشاندانی ئەم پرۆسەیە ئەم یاسایە مۆرفۆلۆژییەی ژێرەوەیە(نجف آبادی، ١٣٩٠: ٦٥):

Chain ⟶ (to) chain
$[x]_N$ ⟶ $[[x]_N]_V$

## ٢-٢: گۆڕانی پۆل لە زمانی فارسیدا

همایون فرخ دەنوسێت "یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی فارسی(وەکو زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی و ...هتد) ئەوەیە کە وشەیەک لە سەر بە چەند بەشەئاخاوتنێکە، واتە لەوانەیە هەم ناو و هەم ئاوەڵناو بێت یان شتێکی تر بێت یان لەوانەیە ئاوەڵناو و ئاوەڵکار بێت"(همایون فرخ، ١٣٣٤: ١٩).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەپێی ئەو توێژینەوانەی کەوا لە زمانی فارسیدا کراون، چەند جۆرێکمان لە گۆڕین هەیە، کە لە خوارەوەدا باسیان دەکەین:

**٢-٢-١: گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ناو**

یەکێ لە باوترین و چالاکترین جۆری گۆڕینی گۆڕینی پۆل کە بەنزیکەی بەبێ هیچ سنوردارییەتێک لە زمانی فارسی ڕوودەدات، گۆڕینی پۆلی ناو بۆ ئاوەڵناو یان ئاوەڵناو بۆ ناوە. واتە گۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵناو و ئاوەڵناو بۆ ناو لە بەرهەمدارترین جۆرەکانی پرۆسەی گۆڕینن لە زمانی فارسیدا.

لە نێو ئاوەڵناوەکاندا، ئاوەڵناوی دەربڕین زیاتر لە ئاوەڵناوەکانی دیکە وەک بەشێک لەو پۆلانە دادەنرێت کە دەگۆڕدرێن بۆ ناو، ئەم ئاوەڵناوانە بۆ چوار گروپ دابەشدەبن(صادقی و ارژنگ، ١٣٥٦: ١٢٩-١٣٠):

ا) ئەو ئاوەڵناوانەی کە ڕۆنانێکی سادەیان هەیە، وەک: خوب، بد، آسان، سخت، آبی، نارنجی، کور، کر، لال، بزرگ، کوچک.

ب) ئەو ئاوەڵناوانەی کە ڕۆنانێکی داڕێژراویان هەیە، لە یەکگرتنی گیرەک و بناغەوە پێکهاتون، وەک: دانا، بینا، نادان، خردمند، بیکار، بیچارە، شرمندە.

پ) ئاوەڵناوی لێکدراو: پرحوصلە، کم رو، شاهکار، عقب افتادە.

ت) گروپی ئاوەڵناوی: کلاە نمدی بە سر، عصا بە دست، دست بە جیب، سر بە هوا.

هەمو ئەو ئاوەڵناوانەی کە باسکراون، دەکرێت وەکو ناو ڕۆڵبگێڕن. یەکێک لە نیشانەکانی ناو لە زمانی فارسیدا، نیشانەی کۆیە و ئاوەڵناوەکانی سەرەوە لەدوای گۆڕینی پۆلەکەیان دەتوانن ئەم نیشانەیە وەربگرن، وەک:

١- ا) آسانهاشو حل کردم. (ئاوەڵناو ← ناو)

ب) خردمندان وقوع این حادثە را محال می دانند. (ئاوەڵناو ← ناو)

پ) شاهکارهای ادبیات جهان را خواندەام. (ئاوەڵناو ← ناو)

ت) جا بدهید عصا بە دستها بنشینند. (ئاوەڵناو ← ناو)

ئەم پرۆسەیە زۆر چالاکە و ژمارەیەکی زۆر ئاوەڵناو لەخۆدەگرێت، یەکێکە لە چالاکترین جۆرەکانی پرۆسەی گۆڕین، بەگشتی دەکرێت بگوترێت، هەر ئاوەڵناوێک بەپێی تایبەتمەندییە واتاییەکانی،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیارخراوەکەی ڕونبێت، دەتوانرێت وەکو ناویش بەکاربهێندرێت(طباطبائی، ١٩٨٥: ٣٥). لەم نمونەیەی خوارەوەدا دیارە، کە دیارخراوی ئەم ئاوەڵناوە مرۆڤە، بۆیە دەتوانێت ببێت بە ناویش، واتە دو پۆلی هەیە:

٢- ا) عاقلتر از او کسی نیست. (ئاوەڵناو)

ب) عاقلان(آدمهای عاقل) دانند. (ناو)

هەروەها دەتوانین ئاماژە بە چەند وشەیەکی تریش بکەین کەوا لە ئەنجامی پرۆسەی گۆڕینەوە لە ئاوەڵناوەوە بون بە ناو، وەک: آرام، آزاد، آشکار، آشنا، آگاه، بالا، برابر، بیمار، بلند، پاک، دشوار، راست، دور، روشن، سرخ، نو، نیازمند، ...هتد.

**٢-٢-٢: گۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵناو**

لە ئەنجامی گۆڕینی ناوەکان بۆ ئاوەڵناو، زۆر وشە بەدەستهاتون، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە، دروستبونی وشە لە ئەنجامی گۆڕینی ناوەکان بۆ ئاوەڵناو، یەکێکە لە پرۆسە بەرهەمدار و باوەکان(نجف آبادی، ١٣٩٠: ١٠٤).

٣- آنتن(جاسوس، خبرچین): علی رضا آنتن شرکتمونه. مواظب باش جلوش چیزی نگی که سریع به رئیس خبر می ده. (ناو ← ئاوەڵناو)

٤- پایه(همراه، موافق): سلام به بچەهای خوب و پایه. (ناو ← ئاوەڵناو)

٥- توپ(عالی، بی نقص): سلیقە توپی داشت. (ناو ← ئاوەڵناو)

٦- نه بابا، تو از من شاعرتری. (ناو ← ئاوەڵناو)

٧- دل سنگ او را هیچ چیز نرم نمی کند. (ناو ← ئاوەڵناو)

٨- ا) مدیر مردی است. (ناو ← ئاوەڵناو)

ب) مدیری مرد است.

پ)مردترین مدیر سازمان است.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها دەتوانین ئاماژە بە چەند وشەیەکی تریش بکەین کەوا لە ئەنجامی پرۆسەی گۆڕینەوە لە ناوەوە بون بە ئاوەڵناو، وەک: آدم، بسته، پیاده، جانباز، چپ، خبرنگار، خانم، خواستار، دانشجو، دانشمند، داور، راننده، همراه، عکس، مادر، کشاورز، نگهبان، ...هتد.
بە پێی ئەو توێژینەوانەی کە کراون لە زمانی فارسیدا پرۆسەی گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ناو بە بەرهەمترە لە گۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵناو.

### ٢-٢-٣: گۆڕینی کردار بۆ ناو

لەم بەشەدا باس لە ئەرکی ئەو کۆمەڵە وشانە دەکەین کە سەر بە هەردو پۆلی ڕستەسازیی ناو و کردارن. کردارەکان دو شێوەی ڕەگی ڕابردو و ڕەگی ڕانەبردویان هەیە. بریتین لە: [انباشت، انگاشت، بافت، پخت، پرداخت، شکافت، گذشت، نشست، انگار، بوس، ترس، درخش، رنج، شکاف، کش، شور، گذران، گذر و نشین].
ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم دۆخە بەهۆی کارکردنی پرۆسەی گۆڕینەوەیە یان نا؟
ئەگەر سەیری وشەیەکی وەک [کش] ئەگەری فەرهەنگیبونی وشەکانی ئەم گروپەی سەرەوە نیشاندەدات. وەک کردار واتای (عمل کشیدن چیزی)(کاری کێشانی شتێک)ی هەیە. ئەم وشەیە لە ڕێگەی پرۆسەی گۆڕینەوە وەکو ناویش کاردەکات و خاوەنی چەند واتایەکە. ئەم کارەش نیشانەی بەفەرهەنگیبونی ئەم وشەیە. هەندێک لە واتای ئەم وشەیە لە کارکردنی وەکو ناو لە خوارەوە دەبینین:
٩- ا) کش جوراب به ماهیچه‌اش فشار می آورد. (شتێک کە دۆخی کشانی هەیە وەک گۆرەوی)
(کردار ⟵ ناو)
ب) دعوایشان کش پیداکرد. (درێژە کێشانی ڕوداوێک)
پ) گاه چند تومانی از مغازه کش می رفت. (بەنهێنی هەڵگرتنی شتێک)
لە کۆتاییدا دەچینە سەر پێوەری ئاڕاستە، ئاشکرایە کە ئەگەر پرۆسەی گۆڕین لەم گروپەدا هەبێت، دانپێدانەری ئاڕاستەی ئەم پرۆسەیەش بین، بە توێژینەوە لەم سێ پێوەرەی ئەم گروپە وشە بۆمان دەردەکەوێت کە دۆخی بەڕێوەبردنی ئەم گروپە دەتوانرێت وەک دەرئەنجامی پرۆسەی گۆڕینی کردار

بۆ ناو هەژمار بکرێت و بە جۆرێک لە جۆرەکانی گۆڕین لە زمانی فارسی دادەنرێت(بهمنیار، ١٣٩١: ٦١-٦٥).

### ٢-٢-٤: گۆڕینی ناو بۆ کردار

لەم بەشەدا ئەم کردارانە لێیان دەکۆڵدرێتەوە کە لە گۆڕینی ناوەوە بەرهەمهاتون، لە ڕاستیدا ئەم کرادارانە لە گۆڕینی ناو بۆ دروستبون و لەم بەشەدا لەو کردارانە دەکۆڵرێنەوە کە لە گۆڕینی ناوەوە بەدەستدەهێنرێن

١٠- بگاز(به جای گاز بده – برای موتور سیکلت یا خودرو، که از اسم گاز ساخته شده‌است) (کردار ← ناو)

١١- بزنگ ببین کجاست. (زنگ بزن = تلفن بزن، که از اسم زنگ ساخته شده است) (کردار ← ناو)

### ٢-٢-٥: گۆڕینی کردار بۆ ئاوەڵناو

کردارەکانیش لە زمانی فارسیدا دەتوانن بەهۆی پرۆسەی گۆڕانەوە بۆ ئاوەڵناو بگۆڕدرێن، لەم پرۆسەیەدا کرداری داخوازی بۆ ئاوەڵناو دەگۆڕدرێت، ئەم جۆرە گۆڕینە لە زمانی فارسیدا زۆر کەمە و زیاتر پەیوەستە بە فارسی گوفتاری و نارەسمییەوە(ذاکر، ١٣٩٢: ١٤٠)، بۆ نمونە:

١٢- احمد آدم بخوری است. (کردار ← ئاوەڵناو)

### ٢-٢-٦: گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکاو

ژمارەیەکی زۆر لە ئاوەڵناوەکان، نەوەکو هەمویان، دەتوانن وەکو ئاوەڵکرداریش بەکاربهێنرێن(طباطبائی، ١٩٨٥: ٣٥)، بۆ نمونە وشەی (مستقیم) لەم دو ڕستەیەی خوارەوەدا:

١٣- ا) راه خانه ما مستقیم است. (ئاوەڵناو)

ب) مستقیم به خانه رفت. (ئاوەڵکار)

دەتوانین ئاماژە بەم کۆمەڵە وشەیەش بکەین، کەوا پۆلەکەیان لە ئاوەڵناوەوە دەگۆڕێت بۆ ئاوەڵکار، ئەمانیش بریتین لە: ابلهانه، احمقانه، پاک، چاپلوسانه، حسابی، زیادی، دیمی، سرخود، فروتر، لرزان، لنگان، مسلحانه، همزمان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەتوانین ئاماژە بە وشەی "چابک" بکەین، کە ئەم وشەیە لە فەرهەنگی زماندا تەنیا وەک ئاوەڵناو دەروازەی فەرهەنگی بۆ دانراوە، بەڵام دەتوانرێت وەک ئاوەڵکاریش بەکاربهێنرێت(بهمنیار، ١٣٩١: ٥٤)، هەروەک لەم نمونانەی خوارەوەدا دیارە:

١٤- ا) خیلی چابک توپ را از او گرفت. (ئاوەڵناوە)

ب) خیلی چابک در رفت. (ئاوەڵکار)

ئاراستەی گۆڕین لە ئاوەڵناوەوە بۆ ئاوەڵکارە و هەر سێ پێوەری پۆل و بەفەرهەنگیبون و ئاراستەی گۆڕین دەیسەلمێنن، کە ئەمە پرۆسەی گۆڕینە لە ئاوەڵناوەوە بۆ ئاوەڵکار(هەمان سەرچاوە: ٥٤-٥٧).

### ٢-٣: گۆڕانی پۆل لە زمانی کوردیدا

زمانی کوردی بە هەمان شێوەی زمانی فارسی چەند گروپێک لە پرۆسەی گۆڕین لەخۆدەگرێت، واتە بەپێی ئەو توێژینەوانەی کەوا لە زمانی کوردیدا کراون، چەند جۆرێکمان لە گۆڕین هەیە، کە لە خوارەوەدا باسیان دەکەین:

### ٢-٣-١: گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ناو

پرۆسەی گۆڕینی ئاوەڵناوەکان بۆ ناو لە زمانی کوردیدا پرۆسەیەکی کارایە، دەشێت بڵێین بە فراوانترین پرۆسەی گۆڕین دادەنرێت لەنێو کۆیی پرۆسەکانی گۆڕین(خالد، ٢٠٢٢: ٦٧)، بۆ نمونە ئاوەڵناوەکانی وەک: (هەژار، جوان، بڵند، کارزان، چالاک...هتد)، ئەو ئاوەڵناوانەش بەزۆری ئەو ئاوەڵناوانەن کە واتایەکی باش دەدەن، هەروەها پۆلی خۆیان گۆڕیوە بۆ ناو بەبێ ئەوەی هیچ زیادەیەک وەربگن:

١٥- ا- منداڵێکی هەژارە، بۆیە ناتوانێت بخوێنێت. (ئاوەڵناو)

ب- هەژار کوڕێکی وریایە. (ناو)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢-٣-٢: گۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵناو**

هەر ناوێک لە زمانی کوردیدا خاوەنی دۆخ و ڕەگەز و ژمارەیە، بۆیە ناو لە ئاوەڵناو جیاکراوەتەوە، هەرچەندە جیاکارییەکی ئەوتۆ لە ڕوی فۆڕمەوە بەدیناکرێت، دەشێ بڵێین فۆڕمیان وەکو یەکە، بەڵام لە ڕوانگەی گەیاندنی واتا و بینینی ئەرکدا جیاوازی لە نێوانیاندا بەدیدەکرێت(حاجی مارف، ٢٠١٤: ٢٩). ناوەکان زۆرن لە زمانی کوردیدا، بەڵام تەنها هەندێک لەم ناوانە دەتوانن پۆل بگۆڕن بۆ ئاوەڵناو، ناوەکان بریتین لە: (پیاو، منداڵ، ژن)(خالد، ٢٠٢٢: ٦٥)، واتە ئەم ناوانە دەبێت بتوانن ناوێک یا جێناوێک وەسفبکەن. لەناو جۆرەکانی ناویشدا پۆلگۆڕین لە ناوە گشتییەکاندا ڕوودەدات، بەڵام بەو واتایە نا کە هەمو ناوە گشتییەکان بتوانن پۆلی خۆیان بگۆڕن. وەک:

١٦- ا- پیاو بە ئازایەتی ناسراوە. (ناو)

ب- مام هێمن پیاو بو. (ئاوەڵناو)

**٢-٣-٣: گۆڕینی کردار بۆ ناو**

دەکرێت بگوترێت لە زمانی کوردیدا پرۆسەی گۆڕینی کردار بۆ ناو، تەنها لە کردارە ڕابردووەکان ڕوودەدات، لەبەرئەوەی پێویستمان بە زیادکردنی هیچ پێشگر و پاشگرێک نابێت(شوانی، ٢٠٠٨: ٧٢)، ئەگەر سەیری ئەم کردارانە بکەین دەبینی بەبێ زیادکردنی هیچ زیادەیەک پۆلی خۆیان دەگۆڕن بۆ ناو، وەک: (ڕێکەوت، سەرکەوت، دەستکەوت، خواست، بەست).

١٧- ا) ئێمە لەسەر ئەم بڕیارە ڕێکەوتین. (کردار)

ب) ڕێکەوت کوڕێکی باشە. (ناو)

**٢-٣-٤: گۆڕینی کردار بۆ ئاوەڵناو**

لە زمانی کوردیدا ئەم پرۆسەی گۆڕینی کردار بۆ ئاوەڵناو زۆر چالاک نییە و تەنیا لە چەند کردارێکدا دەبینرێت، کەوا قەدی ڕابردون، کە بریتین لە: (لەدەستچو، لەخۆچو، بەسەرچو، ڕوچو، ...هتد).

١٨- ا) دەرفەتەکەم لەدەستچو. (کردار)

ب) دەرفەتی لەدەستچو دوبارە نابێتەوە. (ئاوەڵناو)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢-٣-٥: گۆڕینی ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکار**

کۆمەڵێک وشە لە زمانی کوردیدا هەن، کەوا توانای گۆڕینی بەشەئاخاوتنی خۆیان لە ئاوەڵناوەوە بۆ ئاوەڵکار هەیە. وەک: (جوان، چاک، خراپ، خێرا).

١٩- ا- کراسێکی جوانم کڕی. (ئاوەڵناو)

ب- شەهێن جوان دەڕوات. (ئاوەڵکار)

گۆڕینی پۆلی ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکردار پێویستی بەوە هەیە، کە لە بەکارهێنانی ڕستەدا ئاماژەیان پێ بکرێت، کاتێک پۆلی خۆیان دەگۆڕن بۆ ئاوەڵکردار. لە زمانی کوردیدا وشەگەلێک هەن ئاوەڵناون، کە دەتوانن لە بەکارهێنانیاندا لە ڕستەدا پۆل بگۆڕن بۆ ئاوەڵکردار(خالد، ٢٠٢٢: ٧٧-٧٨).

**٢-٣-٦: گۆڕینی ئاوەڵکردار بۆ ئاوەڵناو**

ئاوەڵکردار دەتوانێت پۆلی خۆی بگۆڕێت بۆ ئاوەڵناو، ئەگەر سەرنجی هەریەک لە وشەکانی وەکو (بەهێمنی، بەنەرمی، بەوردی، ...هتد) بدەین، کە ئاوەڵکرداری چۆنیەتین، دەبینین پۆلی خۆیان دەگۆڕن بۆ ئاوەڵناو. بۆ نمونە:

٢٠- ا) بەنەرمی هەلسوکەوت بکە. (ئاوەڵکردار)

ب) ئامۆژگاری بەنەرمی سودی زیاترە. (ئاوەڵناو)

هەروەها ئاوەڵکردارە چەندیەتییەکانیش دەتوانن پۆلی خۆیان بگۆڕن بۆ ئاوەڵناو، ئەوانیش بریتین لە: (زۆر، هەندێک، کەمێک، ...هتد).

٢١- ا) خوێندکارەکان زۆر ناخوێنن. (ئاوەڵکردار)

ب) خوێندکارێکی زۆر لە تاقیکردنەوەکە دەرنەچون. (ئاوەڵناو)

**٢-٣-٧: گۆڕینی ژمارە بۆ ناو**

ژمارەی بنجی لە دیاردەی گۆڕیندا، بۆ ناو بێبەرهەمە، ئەم گروپە پۆلگۆڕینە لە ژمارە بۆ ناو کارا نییە، کە تەنها ژمارە (حەوسەد) پۆلی دەگۆڕێت بۆ ناو، بۆ نمونە:

٢٢- ا) حەوسەد پەرتوکم هەیە. (ژمارە)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ب) حەوسەد ژنێکی چاک بو. (ناو)

### ٢-٣-٨: گۆڕینی ئاوەڵکردار بۆ ناو

کارایی ئەم گروپە لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، کە لە چەند وشەیەکی کەمدا دەبینرێت، بۆ نمونە:

٢٣- ا) بەر دەرگاکە مەگرە. (ئاوەڵکردار)

ب) بەری دارەکەم دەخۆم. (ناو)

### ٢-٣-٩: گۆڕینی ئامراز بۆ ناو

لە ئەنجامی توێژینەوە و بەدواداچون لە ئامرازەکان گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە تەنها دو ئامراز دەتوانن پۆلگۆڕین بۆ ناو، چونکە ئامرازەکان مۆرفیمێکی سەربەخۆ نین، ناتوانن بەتەنیا واتایەک بگەیەنن، هەربۆیە تەنیا ئامرازەکانی (ئەگەر، خۆزگە) دەتوانن پۆلی خۆیان بۆ ناو بگۆڕن(خالد، ٢٠٢٢: ٨٨)، بۆ نمونە:

٢٤- ا) ئەگەر هاتی، تەنیا وەرە. (ئامراز)

ب) چەند ئەگەرێک بۆ بردنەوە هەیە. (ناو)

## ئەنجام

١- پرۆسەی گۆڕین بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆژیی مۆرفیمبناغە، پرۆسەیەکە بەبێ وەرگرتنی هیچ زیادەیەک بۆ وشەیەک ڕودەدات.

٢- هەر کاتێک هەرسێ پێوەری پۆلی وشە و بەفەرهەنگیبون و ئاڕاستەی گۆڕین لە وشەیەکدا هەبو، ئەم وشەیە پرۆسەی گۆڕینی بەسەردا دێت.

٣- بەپێی ئەو سەرچاوە و توێژینەوانەی کەوا لە زمانی فارسی و کوردیدا دەربارەی پرۆسەی گۆڕین کراون و هەن، چەند خاڵێکی هاوبەش دەبینرێت لەنێوان هەردو زمانەکەدا:

ا- پرۆسەی گۆڕینی پۆلی کردار بۆ ئاوەڵناو لە هەردو زمانەکە چالاک نییە.

ب- پرۆسەی گۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵناو و ئاوەڵناو بۆ ناو لە هەردو زمانەکەدا چالاکن.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٤- بەپێی ئەو سەرچاوە و توێژینەوانەی کەوا لە زمانی فارسی و کوردیدا دەربارەی پرۆسەی گۆڕین کراون و هەن، چەند خاڵێکی جیاواز دەبینرێت لەنێوان هەردو زمانەکەدا:

ا- بەپێی ئەو سەرچاوە و توێژینەوانەی کەوا لە زمانی فارسیدا کراون و هەن، پرۆسەی گۆڕینی ناو بۆ ئاوەڵناو بەفراوانترین و چالاکترین پرۆسە دادەنرێت، لەنێو پرۆسەکانی تری گۆڕیندا، بەڵام بەپێی ئەو سەرچاوە و توێژینەوانەی کەوا لە زمانی کوردیدا کراون و هەن، پرۆسەی گۆڕینی پۆلی ئاوەڵناو بۆ ناو بەفراوانترین و چالاکترین پرۆسە دادەنرێت، لەنێو پرۆسەکانی تری گۆڕیندا.

ب- لە پرۆسەی گۆڕینی پۆلی ناو بۆ ئاوەڵناو لە زمانی فارسیدا دەستەیەک وشە هەن، کە لە وشە بیانییە عەرەبییەکانەوە وەرگیراون، کە لە بنەڕەتدا ناوی ڕوداون(اسم مصدر)، کە لە زمانی عەرەبیدا ناون و لە زمانی فارسیدا وەکو ئاوەڵناو بەکاردێن، ئەمە لە کوردیدا نییە.

پ- گۆڕینی پۆلی ناو بۆ کردار لە زمانی کوردیدا نییە و لە زمانی فارسیدا هەیە.

ت- گۆڕینی پۆلی ئاوەڵکردار بۆ ناو، ئاوەڵکردار بۆ ئاوەڵناو، ژمارە بۆ ناو و ئامراز بۆ ناو لە زمانی کوردیدا هەیە و لە زمانی فارسیدا نییە.

ج- گۆڕینی پۆلی ئاوەڵناو بۆ ئاوەڵکردار لە زمانی کوردیدا چالاکتر و بەبەرهەمترە لە چاو زمانی فارسیدا.

چ- لە گۆڕینی پۆلی کردار بۆ ئاوەڵناو لە زمانی فارسیدا زیاتر کرداری داخوازی دەگۆڕێن بۆ ئاوەڵناو، بەڵام لە زمانی کوردیدا زیاتر قەدی ڕابردو دەگۆڕێت بۆ ئاوەڵناو.

ح- گۆڕینی پۆلی ژمارە بۆ ئاوەڵناو بە بێبەرهەمترین پرۆسە دادەنرێت لە زمانی کوردیدا.

خ- لە زمانی فارسیدا شەش جۆر پرۆسەی گۆڕین ئاماژەی پێکراوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا نۆ جۆر پرۆسەی گۆڕین ئاماژەی پێکراوە.

## سەرچاوەکان

**بە زمانی کوردی:**

١- حاجی مارف، ئەورەحمانی (٢٠١٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

٢- حەمید، هێرش کەریم (٢٠١٥)، بەراوردێکی مۆرفۆفۆنیمی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی ماجستێر، سکوڵی زمان، فاکەڵتیی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٣- خالد، چیا طاهر (٢٠٢٢)، پرۆسەی گۆڕین لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران.

٤-خالد، فاروق عزیز (٢٠٢١)، پێکهاتە یەکهەنگاوییەکان لە زمانی کوردیدا لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆژجیی پێکهێناندا. نامەی ماستەر، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران.

٥- شوانی، ڕەفیق محەمەد (٢٠٠٨)، ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٦- فەتاح، محەمەد مەعروف ؛ قادر، سەباح ڕەشید (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی. چاپی یەکەم، سلێمانی.

٧- مەحویی، محەمەد (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان-مۆرفۆلۆژیی کوردیی، ، بەرگی یەکهەم، سلێمانیی، سلێمانیی.

٨- ناوخۆش، سەلام (٢٠٠٨)، پوختەیەک دەربارەی زمانناسی(مێژوویی – بونیادگەری - چۆمسکی). چاپی دووەم، چاپخانەی کاروان، هەولێر.

**بە زمانی فارسی:**

٩- ارکان، فائزە ؛ بیدگلی، تهمینە حیدرپور (١٣٩٩)، صرف: رویکردهای نظری و کاربردی آنها در تحلیل زبان فارسی. چاپ اول، سمت، تهران.

10- اسلامی پور، نجمە ؛ خیابانی، شهرام مدرس ؛ مدرسی، بهرام ؛ کلباسی، ایران (١٣٩٥)، بررسی و مقایسة ساختواژەهای مرکب پربسامد در زبان فارسی براساس دو الگوی صرفی واژەبنیاد و تکواژبنیاد. فصلنامه مطالعات زبانها و گویشهای غرب ایران، دانشکدة ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه رازی، کرمانشاه، سال سوم، شماره ١٤، صص ١- ٢٢.

11- بهمنیار، معصومه (۱۳۹۱)، بررسی فرایند تبدیل در زبان فارسی، پایان نامه کارشناسی ارشد، دانشگاه اصفهان، دانشکده‌ی زبان های خارجی، گروه زبانشناسی.

12- ذاکر، آرمان (۱۳۹۲)، فرایند تبدیل در زبان فارسی رویکرد نقشی - متنی، رساله دکترا دانشگاه علامه طباطبائی، دانشکده ادبیات و زبان های خارجی.

13- رفیعی، عادل (۱۳۹۱)، صرف ساخت محور: شواهدی از فرایندهای واژه‌سازی در زبان فارسی. مجمعه مقالات هشتمین کنفرانس زبان شناسی دانشگاه علامه طباطبائی، تهران، دانشگاه علامه طباطبائی.

14- رفیعی، عادل ؛ بهمنیار، معصومه (۱۳۹۳)، نگاهی به فرایند تبدیل در زبان فارسی، مجله پژوهشهای زبانشناسی، سال ٦، شماره ۱، ص ۳۵ – ٤٥، اصفهان: دانشگاه اصفهان.

15- شقاقی، ویدا (۱۳۹٥)، مبانی صرف، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت)، چاپ نهم، تهران.

16- صادقی، علی اشرف ؛ ارژنگ، غلامرضا (١٣٥٦)، دستور، آموزش متوسطه عمومی، وزارت آموزش و پرورش.

17- صراحی، محمدامین (۱۳۹٥)، نظریات ساختواژی هله و اروناف و دستگاه واژگانی فارسی. مطالعات زبانی – بلاغی، سال ۷، شماره ١٤، صص ۱۳٥ – ۱٦۰.

18- طباطبائی، علاءالدین (۱۹۸٥)، تغییر مقوله در زبان فارسی، نامه فرهنگستان، شماره ۲.

19- فرد، ابراهیم کاویانی (۱۳۸٥)، مقایسه‌ی لایه بندی، زایایی و ترتیب وندها در زبان انگلیسی و فارسی در چارچوب نظریه‌ی تکواژشناسی واژگانی، پایان نامه کارشناسی ارشد، رشته زبان شناسی همگانی، دانشگاه شیراز، شیراز.

20- کاتامبا، فرانسیس ؛ استونهام، جان. (۱۳۹۱)، واژشناسی، ترجمه: جلال رحیمیان، انتشارات دانشگاه شیراز، شیراز.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

21- نجف آبادی، مرضیه السادات رضوی (١٣٩٠)، بررسی فرایندهای واژه‌سازی در گونه گفتاری زبان فارسی، پایان نامه اخذ درجه کارشناسی ارشد، رشته زبان شناسی همگانی، دانشکده ادبیات، زبان ها و تاریخ، دانشگاه الزهرا (س).

22- همایون فرخ، رکن الدن (١٣٣٤)، دستور جامع زبان فارسی، نشر بینا.

**به زمانی ئینگلیزی:**

23- Blevins, James P. (2006). Word-based morphology. Journal of Linguistics, Volume 42, Issue 03, pp 531 – 573.

24- Bochner, H. (1993). Simplicity in Generative Morphology. Berlin/New York: Mouton de Gruyter.

25- Booij, G. (2005). The Grammar of Words: An Introduction to Linguistics Morphology. New York: Oxford University Press.

26- Booij, G. (2007). The Grammar of Words. Oxford University Press.

27- Booij, G. (2009). Construction and Lexical Units: An analysis of Dutch numerals, Linguistische Berichte, Sonderheft 19, 1-14.)

28- Booij, G. (2010). Construction Morphology. Oxford: Oxford University Press.

29- Halle, Morris. (1973). Prolegomena to a theory of word formation. Linguistic inquiry, Volume 4, Number 1, p. 3 – 16.

30- Haspelmath, M. & A. D. Sims (2010). Understanding morphology. 2 nd ed., London: Hodder Education.

31- Kiefer, F. (2005). Types of conversion in Hungarian. In L. Bauer & S. Valera, Approaches to Conversion/Zero Derivation (pp. 51-66). New York: Waxman

32- Matthews, P. H. (1997), Concise Dictionary of Linguistics, Oxford University Press.

33- Plag, I. (2003). Word-Formation in English. Cambridge University Press.

34- Spencer, A. (1991). Morphological Theory: An Introduction to Word Structure in Generative Grammar. Oxford: Blackwell.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Process of Conversion in Kurdish and Persian Languages from the Perspective of Morpheme-based Morphology

**Darya Sabir Hamad**
Department of Kurdish language, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq
Email: darya.sabr@koyauniversity.org

**Sherwan Husen Hamad**
Department of kurdish, College of Basic education, University of raparin, City ranya, Country Kurdistan Iraq
Email: Sherwan983@uor.edu.krd

**Yadgar Karimi**
Department of English and Linguistics, Faculty of Language and Literature, University of Kurdistan, Iran.
Email: y.karimi@uok.ac.ir

***Keywords:*** Morpheme-based morphology, process conversion, morphological process, Kurdish language, Persian language.

**Abstract**
This The title of the study is (Process of Conversion in Kurdish and Persian Languages from the Perspective of Morpheme-based Morphology). The main purpose of this study is to present the process of conversion in the interpretation of Kurdish and Persian words from the perspective of morpheme-based morphology, and how morphemes are arranged together to form words. Then it presented these similarities and differences between the two languages within the framework of the process of conversion. In this theory, the main unit of morphological analysis is the morpheme, which is a smaller unit than the word. The theory of morpheme-based morphology is also related to the method of combining morphemes in the sense that simple words

are seen as a series of morphemes combined together, so in this theory, morphology can be introduced as the syntax of morphemes. In addition, within the framework of Kurdish and Persian languages, we have taken some words that are interpreted and analyzed by this theory, and we have also presented the types of conversion processes in Persian and Kurdish languages. Undoubtedly, some of the conversion processes are effective and productive, while others are ineffective and unproductive.

-----------------------------------------------------------------

# عملية التغيير أللغة الكوردية والفارسية من منظور نظرية علم صرف المورفيم – الأساس


## ملخص:

تم كتابة هذا البحث تحت عنوان (عملية التغيير أللغة الكوردية والفارسية من منظور نظرية علم صرف المورفيم – الأساس)، الغرض الأساسي من هذا البحث هو عرض عملية التغيير في تفسير الكلمات الكوردية والفارسية من منظور نظرية علم صرف المورفيم – الأساس. وكيفية ترتيب المورفيمات معًا لتكوين الكلمات، ثم عرض أوجه التشابه والاختلاف بين اللغتين، في إطار عملية التغيير، في هذه النظرية، فإن الوحدة الرئيسية للتحليل الصرفي هي المورفيم، وهي وحدة أصغر من الكلمة. ترتبط نظرية علم صرف المورفيم – الأساس أيضًا بطريقة تفسير المورفيمات بمعنى أن الكلمات الغير بسيطة يُنظر إليها على أنها سلسلة من المورفيمات مْتراصفة معًا، لذلك في هذه النظرية يمكن تعريف علم الصرف كعلم النحو الصرفي. ثم في إطار اللغتين الكردية والفارسية، أخذنا بعض الكلمات التي تم تفسيرها من قبل هذه النظرية، وكذلك قدمنا أنواع عمليات التغيير في اللغتين الفارسية والكردية، وبالطبع بعض العمليات التغيير نشطة ومنتجة وبعضها غير منتجة وغير نشطة.